MERI

ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە

# ئایندەی موسل لە پێش و لە کات و لە دوای ئازادکردن

ڕاپۆرتی سیاسی
دیلان ئۆدریسکۆڵ

ئەیلولی ٢٠١٦

## پوختەی ڕاپۆرت

ئەو پلانەی بۆ دوای جەنگی عێراق لە ٢٠٠٣ دانرابوو بەلایەنی کەمەوە پلانێکی لاوازبوو. لە دەرئەنجامیدا چەندین فاکتەر هاتنە کایەوە کە بوونە هۆیَ بەلاوەنان و بێبەشکردنی عەرەبی سوننە مەزهەبەکان. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لایەنە توندڕەوەکانی وەک (ئەلقاعیدە) و (دەوڵەتی ئیسلامی - داعش) سوود لەم دۆخە وەرگرن و جێی خۆیان لە ناوچە سوونەکانی عێراق بکەنەوە. لێرەدا گرنگە کە هەموو ڕێگەیەک بگیردرێتە بەر تا ئەو هەڵانە لەو شەڕەی کە ئێستا بەرانبەر داعیش دەکرێ دووبارە نەکرێتەوە؛ ئەگەر لە ئازادکردنی موسڵدا پلانی درێژخایەن بە تەواوەتی پشتگوێ بخرێت لەوانەیە ئەمە خۆی لە خۆیدا ببێتە هۆی دووبارە سەرهەڵدانەوەی ئەو کێشانەی کە پێشتر لە بنەڕەتدا بوونە هۆی سەرهەڵدانی داعش. پێویستە کە دەرس لە هەڵەکانی سەردەمی دوای سەدام وەربگیردرێت و وە ئەم جۆرە هەڵانە دوای ڕزگاربوون لە داعش دووبارە نەکرێنەوە. پێویستە ڕێگەیەکی هەمەلایەنە هەبێ بۆ پلانی ئازادکردنی موسل وە ئەمەش نابێ خۆی تەنیا لە لایەنە سەربازیە (عەسکەریە) کەدا ببینێتەوە.

ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە کە لایەنە غەیرە سەربازیەکانی ئەم بابەتە شی بکاتەوە، ئەوانەی کە دەبێ چارەسەربکرێن پێش ئەوەی هێرشی کۆتای بکرێتە سەر داعش لە موسل. کەواتە ئەم ڕاپۆرتە جەخت دەخاتە سەر لایەنی مرۆیی و حوکمڕانی و دابینکردنی ئاسایشی دوای جەنگ و بونیاتنانەوەو پێکهاتنەوە. ئامانجی گشتی ئەم ڕاپۆرتە ئەوەیە کە تێگەیشتنێک دروست بکات لە سەر ئەوەی کە چۆن ڕێگە نەدرێ ئەو دۆخەی کە ڕێگەی بۆ پەیدابوونی داعش خۆشکرد دیسان سەرهەڵنەداتەوە بە جۆریک کە ببێتە هۆی گەڕانەوەی داعش یان ڕێکخراوێکی تری ڕادیکاڵ کە بە شێوەیەکی شەڕەنگێزی نوێنەرایەتی سوننە پەراوێزخراوەکان بکات. بەو پێیە ئەم ڕاپۆرتە لەو خاڵە سەرەکیانە دەکۆڵێتەوە کە جێی بایەخن بۆ دانیشتوانی سوننەی پارێزگای نەینەوا، وە شیکاری بۆ ڕێگەچارەکان دەکات لە ناو هاوکێشە سیاسی دەستوریەکانی عیراقدا. ئەم ڕاپۆرتە ئەوەش لەبەرچاو دەگرێت کە ئەو خاڵانەی کە بۆ دانیشتوانی سوونەی نەینەوا جێی بایەخن مەرج نیە هە مان خاڵبن بۆ کەمایەتیەکانی تریش.

پارێزگای نەینەواو شاری موسل شوێنی گرنگن کە لێیانەوە دەکرێ لە هەندێ لە کێشە فراوانترەکانی عێراق بکۆڵدرێتەوە. بەو پێیە ئەم ڕاپۆرتە تەنیا لێکۆڵینەوەیەک نیە لەسەر ئازادکردنی موسل لەدەست داعش، بەڵکو لەوە زیاترە. ئەم ڕاپۆرتە وەڵامی هەندێ لە کێشە پربایەخەکان دەداتەوە کە پەیوەستن بە داهاتووی عێراق

خۆیەوە. کەواتە دەشــکۆڵێتەوە لە کێشــەکانی وەک مەرکەزیەت و پەراوێزخســتنی لایەنەکان و بەفیدراڵیکردنی عێراق و دروستکردنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی هەرێمەکان و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

ئەم ڕاپۆرتە پێدادەگرێ لەسەر ئەوەی کە پێش ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موسل, ڕێککەوتنێکی سیاسی و ئاسایشی پێویســتە تاوەکو ڕێگە لە ســەرهەڵدانی شــەڕ لە نەینەوای دوای داعش بگرێت. هەروەها لە گۆشــەنیگایەکی مرۆیی و ئا شتەواییەوە  شیکاری دەکات بۆ گرنگی پێدانی ڕێککەوتن لە سەر پرۆ سەیەکی تێروتە سەل دەربارەی خەڵکە ڕاگوێزراوەکان، بونیاتنانەوەی پاش شــەڕ، دادوەرێتی و ســیســتەمی پەروەردەو پرۆســەی گەڕان بەدوای ڕاســتیەکــانــدا. هەروەهــا ئەم ڕاپۆرتە لە گرنگیی ڕۆڵی هێزێکی یەکگرتوو لە پرۆســـەی ئــازادکردنەکەداو ســـەقامگیرکردنیئارامی دوای جەنگ دەکۆڵێتەوە لەگەڵ رۆڵی ئەو هێزانەی کە بەشـــداریکردنیان لەو ئازادکردنە لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە قەبوڵ دەکرێت.

لە گۆشـــەنیگای حوکمڕانیەوە، بەهای فیدراڵیەت لە عێراق لە هەردوو لایەنی تیۆری و ئەزمونیەوە جەختی لەســەر دەکرێتەوە  و بەوپێیەفیدراڵەت بۆ نەینەواش پێشــنیازدەکرێت. ســەرەڕای ئەمانەش، ئەم ڕاپۆرتە تیشــک دەخاتە ســەر ئەوەی کە داهاتووی ناوچە دابڕاوەکان دەبێ گفتوگۆیان لەســەر بکرێت بە جۆرێک کە داهاتووی یاسایی ئەم ناوچانە قەزا بە قەزا بڕیاری لێ بدرێت.

ئەم ڕاپۆرتە لە گۆشەنیگای سیاسەتەوە نوسراوە وە بەجۆرێك کە لە هەر بەشێکیدا چەند پیشنیارێک دەخاتە ڕوو بۆ لایەنی پەیوەندیدار لەسەر بنەمای ئەو توێژینەوەیەی کە کراوە. توێژینەوەی ئەم پرۆژەیە لە نێوان مانگەکانی ئایارو ئابی ٢٠١٦دا کراوە وە هەروەها دیدەنی لەگەڵ چەندین کەســـی دیاری ســـیاســـی نەینەوا کراوە لەگەل بەشــداریکردن و ڕێکخســتنی چەند مێزگردێك لەســەر موســل بە بەشــداری لایەنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان. ئەمانە ســـەرەڕای لێکۆڵینەوە لە وتارەکان بۆ تێگەیشـــتنێکی باشـــتر لەو کێشــانەی کە بوونە هۆی ســـەرهەڵدانی داعش لە عێراق.

# پێشنیارەکان

## پێش ئازادکردن

پیش ئەوەی ئۆپەراسـیۆنی ئازادکردنی موسـل دەسـت پێبکات، گرنگە کە ڕێککەوتنێکی سـیاسـی لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی ناوچەکەو مەرکەزی دەوڵەتدا بکرێت. ئەمە لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە دواتر کێ حوکمی نەینەوا دەکات و چۆن. لە کاتی ئێستادا چەندین لایەنی سیاسی و سەربازی، کە لایەنی دەرەکیشیان تێدایە، هاتوونەتە ناوچەکە. کەواتە گەر ڕێککەوتنێک نەکرێت ئەمە ڕەنگە ببێتە هۆی دواتر هەڵگیرســـانی شـــەڕێکی دیکە. لەبەر هەمان هۆکار، پێویســـتە کە ڕێککەوتنێک بکرێت لە نێوان هێزە چەکدارەکانی ناوچەکەدا تا هەموویان یەک سەرکردایەتیان هەبێ لە ناو هێزە چەکدارە نیشتیمانیەکاندا.

لە لایەنێکی زیاتر پراکتیکیەوە، ئامادەکاری بۆ لەخۆگرتنی زیاتر لە یەک ملیۆن ئاوارە بکرێت پێش ئەوەی هیچ پرۆسەیەکی ئازادکردن دەستپێبکات. ئەو بارودۆخەی کە پاش حوزەیرانی ٢٠١٦ لە ئازادکردنی فەلوجەدا بینیمان

ئەوەبوو کە ئەوانەی ئاوارەبوون لە دۆخێکی خراپدا دەژیان، دەبێت بە هەرچۆنێک بووە ئەو دیاردەیە ڕێی لێبگیردرێت.

لە هەمانکاتدا، پێویستە بونیاتنانەوەی ئەو شوێنانەی کە لە دەستی داعش ئازادکراون بە خێرایی دەستپێبکات چونکە ئەمە فشار لەسەر کەمپەکانی ئاوارەکانی ناوخۆ کەمدەکاتەوە و ڕێگە بۆ ئەوانە خۆشدەکات کە ئێسات تیایاندان تا کەمپەکان بەجێ بهێڵن. پێویستە کە پلان و سەرچاوەی پێویستیش هەبێت تا بە خێرای موسل بونیات بنرێتەوە.

دادپەروەرێتی و ئاشتبوونەوە رۆڵێکی گرنگیان دەبێت لە ئاسایکردنەوەی نەینەوادا. کەواتە پێویستە بەرنامەیەکی ڕوون دابنرێت تا ڕێ لە کاری تۆڵەسەنەوە بگرێت لەلایەن هێزە ناوخۆی و دەرەکیەکانەوە. کاری تۆڵەسەندنەوە تەنها دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات.

کاتی پێش ئازادکردن دەبێ بەکاربهێنرێت بۆ دڵنیابونەوە لەوەی کە داهاتووی نەینەوا داهاتوویەکی پۆزەتیڤە. بەم جۆرە، توانای سیاسیەکان و وە هێزە لۆکاڵیەکان (ئەگەر یەکگرتووبن) دەبێت پەرەیان پێ بدرێت. ئەوان بەرێوەبەر دەبن و لە دۆخێکی زۆر قورسدا ئارامی دابین دەکەن ، کەواتە ئەوان هەموو ڕاهێنانێکیان پێویستە کە پێیان بکرێت تا ئەم پرۆسەیە ئاسان بکات.

## چوونە نێو موسڵ

سوپای عێراق و هێزە لۆکاڵیەکان دەبێت هێزە سەرەکیەکان بن کە دەچنە ناو موسل بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانەکان و هێزی پێشمەرگە لە باکورو ڕۆژهەلاتەوە. هێزی هاوپەیمانەکان دەبێت وەک سەرپەرشتیار لەسەر زەویش ڕۆڵیان هەبێت. ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بە کۆی دەنگ دەنگی لە دژی بەشداریکردنی حەشدی شەعبی لە ئازادکردنی شاری موسلدا داوە. ئەم ئەنجومەنە نوێنەرایەتی خەڵکی ناوچەکە دەکات و بڕیاری ئەوان دەبێت ڕێزی لێبگیردرێت.

هێزە لۆکاڵیەکان، دوای ئەوەی یەکیان گرت، دەبێت بە شێوەیەکی چڕ بەشداربن لە ئارامی دوای شەڕ لە شارەکەدا تا وا نیشان بدەن کە شارەکە ئازادکراوە نەک داگیرکراوە.

## حوکمڕانی

تاوەکو ڕێ لەو کێشانە بگیردرێت کە بوونە هۆی پەراوێزخستنی سوننەکان و تا ڕادەیەکیش سەرهەڵدانی داعش، پرۆسەیەکی لامەرکەزیەت و فیدراڵیەت پێویست دەبێت. عێراق زۆر لە مەرجەکانی تیادایە بۆ بەفیدراڵیکردن وە چەسپاندی ئەم سیستەمە لە سەرانسەری عێراقدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو پێکهاتەکان بەدوای هەمان سووددا بگەڕێن نەک ئەو سیستەمەی کە ئێستا هەیە کە تێیدا هەرێمی کوردستان تاقانەیە. هاوکات لەگەڵ ئەم پرۆسەی بەفیدراڵیکردنە و گۆڕانکاری چڕوپڕ لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، دەستنیشانکردنی کابینەی حکومەت و میکانیزمی دابەشکردنی دەسەلاتیش پێویستن.

نەینەوا دەبێت ببێتە هەرێمێکی فیدراڵی کە دەســـەڵاتەکانی بە لامەرکەزیانە تیادا بەشـــبەش بکرێت. ئەمە ســـوننەکان لە خۆبەســـەرداســـەپاندن دەپارێزێت چونکە ئەوکاتە تا ڕادەیەک خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن. لە هەمانکاتدا، هەبوونی هەرێمێکی فیدراڵی نەینەوا کەمایەتیەکان دەپارێزێت لە خۆبەســـەرداســـەپاندن، چونکە ئەوانیش بە هەمانشـــێوە ڕەهەندێکی خۆبەڕێوەبەریان دەبێت لە ڕێی لامەرکەزیەتی هەرێمەکانەوە لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەناو هەرێمە فیدراڵەکەدا.

پێویســـتە هەڵبژاردنیش بکرێت لە نەینەوا هەر کاتێک کە بەشـــی ئەمە ئارامی تیادا بەرجەســـتەبوو چونکە دانیشتوانەکەی پێویستیان بەو هەلە دەبێت کە بزانن کێ حوکمڕانیان دەکات لەو دۆخە تازەیەدا.

## ناوچە کێشە لەسەرەکان

ئەوەی کە پەیوەندی بە ناوچە کێشـــە لەســـەرەکانەوە هەبێت، مادەی ١٤٠ی دەســـتوری عێراق نەیتوانیوە کە کێشەکە چارەسەربکات وە باشترە کە میکانیزمێکی تر بدۆزرێتەوە کە لەسەر هەمان ئەو بنەمایانە بێت. پێویستە کە دانوســـتانی نوێ بکرێت لەســـەر ناوچە جێ ناکۆکەکان لە نێوان ئەنجومەنی پارێزگای نەینەواو حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەشداری بەغداو ئاسانکاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەوەدا دەکرێ ڕەچاوی ئەوە بکرێ کە بڕیار لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان لەسەر بنەمای قەزا بە قەزا بدرێ. ئەو پرۆسەیە پەیوەست نیە بەوەی کێ حوکمی ئەو ناوچانە دەکات، بۆیەش نابێ کشانەوەی پێشمەرگە تێیاندا ببێتە مەرجێکی پێشوەختە.

## هێنانەوە ئارای سەقامگیری

ئاشـــتەوایی لە عێراقی دوای ســـەدام بابەتێک بوو کە بە تەواوەتی پێشـــتگوێ خرابوو وە ئاکامەکانی ئەمە زۆر کاریگەر بوون. ئەمە ناکرێ دوای داعشـــیش دووبارەبکرێتەوە. ئاشـــتەوایی پرۆســـەیەکی ئاڵۆزە و زۆرجار بەوە دەســـتپێدەکات کە لایەنە تاوانبارەکان ببرێنە بەردەم یاســـا. هەرچەندە، پێویســـتە کە جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەوانەی کە بەخۆشی خۆیان پەیوەندیان بە داعشەوە کردوە وە ئەوانەی کە بەزۆر کراون بە داعش. پێویستە کە ئەم پرۆســـەیە بە ووردی بایەخی پێبدرێ وە لەلایەن دادگای تایبەتی لۆکاڵیەوە کاری تیادا بکرێ. باشـــتریشـــە کە ســـەرپەرشـــتیارێکی دادگەری نێودەوڵەتیش ســـەرپەرشـــتی بکات. وەک بەشـــێک لەو پرۆســـەی پێکهاتنەوەیە، قوربانیەکانی ئەو جەنگە پێویســـتە قەرەبووبکرێنەوە و لیژنەیەکی بەدواگەڕانی ڕاســـتیەکان دابمەزرێت تا دۆکیومێنتی ئەوە بکات کە کتومت چێ ڕوویداوە، ئەوەش پیشـــانبدات کە چۆن و پێکهاتەجیاوازەکان چیان چەشتووە.

هەر کە تەڵەکانی مین (لوغم) و تەقەمەنیەکانی داعش پاککرانەوە، دەبێت بونیاتنانەوە دەســـتپێبکات. دەبێ میکانزمی بەهێز دابنرێت تا لەو پرۆســـەی بونیاتنانەوەدا ڕێگە لە گەندەڵی بگرێت وە پێویســـتە پرۆســـەیەکی چاودێری دابنرێت بۆ دڵنیابوون لە کواڵیتی و چۆستی. پێویستە خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان وەک ئاو و کارەبا و تەندروستی و پەروەردە دابینبکرێنەوە. پێویستە ئاسانکاری بکرێت بۆ گەڕانەوەی خەڵکەکە وە ڕێکخستنی پرۆســـەکەش ئاســـانبێت. لەهەمانکاتدا، نابێت حاڵی گەڕاوەکان لەو کاتە خراپتربێت لەوانەی کەمپەکاندابوون وە بەمجۆرەش دەبێ لەگەڵ ئەو خزمەتگوزاریە سەرەتاییانەی کە باسکران موچەیەک لەگەڵ خواردن و پێداویستیە سەرەتاییەکان دابین بکرێت.

پێویســـته وەبەرهێنانی گەورە لە ئابووری نەینەوادا بکرێت. پرۆگرام بۆ دروســـتکردنی هەلی کارو پرۆژەی پێداویســـتیەکانی کۆمەڵگەکە پێشـــبخرێت تا هۆکارەکانی توندڕەوی کەمبکرێتەوە وە پەرەش بە پرۆســـەی پێکهاتنەوەش باشتر بکات. هاوتا لەگەڵ ئەمەش، دەبێت پرۆگرامێکی دژەتوندڕەوی و دەسپێشخەری بۆ حاڵەتی دەروونی شڵەژانی پاش کارەسات[1] پەرەی پێبدرێت تا لەگەڵ دۆخی نەینەوادا بگونجێ.

پێویســتە ســیســتەمێکی نوێی پەروەردە پەیڕەو بکرێت تا چارەی ئەو ڕاســتیە بکات کە زۆربەی لاوەکان لە دوو ساڵ زیاترە لە خوێندنێکی ڕێکوپێک دابڕاون. هەرچەندە، ئەم سیستەمە دەبێت هاوکاتبێت لەگەڵ سیستەمی ئاسایی خوێندن تا ئەوانەی کە تازە دەست بە خوێندن دەکەن سودمەندبن لێی.

[1] Post-Traumatic Stress Disorder.